# کورد دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا

**کاوە ئەمین**

هەڵبژاردنەکانی تورکیا کۆتییان پێ هات و نەتیجەی دەنگەکانیش تورکیای خستە سەر دووڕیانێک، لە لایەک پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆگان و پاڵێوراوە کوردەکانی گرووپی "هەزار هیوا" و لە لایەکی دیکەوە پارتە ڕەگەزپەرستەکان و سووپای تورکیا کەوتنە پێشبرکێوە. گرنگی ئەم هەڵبژاردنە و نەتیجەی دەنگەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە خەڵکی باکووری کوردستان و تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو، دژی پرۆژەکانی سووپا و پارتە ڕەگەزپەرستەکانی وەکو پارتی نەتەوەپەرستی (MHP) و پارتی گەلی کۆماری (CHP) وەستانەوە. دیارە پارتەکەی ئەردۆگان بەشێوەیەکی بەرچاو کە دەتوانین بڵێین نیوەی دەنگەکانیان بەدەست هێناو، بوونە پارتی یەکەم لە تورکیا. کوردەکانیش بۆ جاری دووەم لە مێژووی ئەو وڵاتەدا توانیان نوێنەری خۆیان بنێرنە پەرلەمان، ئەگەرچی سەرکەوتنێکی باشیشیان بە دەست نەهێنا، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەمجارەیش کورد توانی بەناوی کورد و ناسنامەی خۆیانەوە بچنە نێو پەرلەمانەوە، ئێستا پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تورک بڕیاریان داوە کە فراکسێۆنی خۆیان دابمەزرێنن و بەو شێوەیەش دەبن بە چوارەم پارتی نێو پەرلەمان. ئەگەرچی پارلەمانتارە کوردەکان ناتوانن هەموو کێشەکانی کورد چارەسەر بکەن بەڵام دەتوانن گڕوتینێکی نوێ بە بزووتنەوەی مەدەنیانەی باکووری کوردستان بدەن کە ئەزموونێکی گرنگە لە مێژووی نوێی کوردستاندا.

هەر گرووپێک کە بتوانێت بیست ئەندام پەرلەمان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە دەتوانێت ببێت بە ئەندام لە زۆربەی کۆمیسۆنەکانی پەرلەماندا، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد دەتوانن چاودێری نێو کۆبوونەوە داخراوەکانی پەرلەمان بکەن و دەتوانن پەردە لەسەر هەموو بڕیارێک کە بە دژی کورد بدرێت، هەڵماڵن و ڕای گشتی کورد و جیهانی لێ ئاگادار بکەن. هاوکات (DTP) دەتوانێت کەڵک لەو بوجەیەی کە پەرلەمان دابینی دەکات بۆ پارتە سیاسییەکان وەربگرێت.

لێرەدا دەبێت بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لەو سیاستەی کە(DTP) پەیڕەوی کرد لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، بڕوانین. وەک دەبینین پارتی (AKP) لە زۆربەی شارەکانی باکووری کوردستاندا بووە پارتی یەکەم، ئەمەش ئیشکالیەتی سیاسەتی کورد لە باکوور دەردەخات. گومان لەوەدا نییە کە ڕۆلی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بووژاندنەوە و هەستانەوەی کورد لەو پارچەی کوردستاندا، ڕۆڵێکی گرنگ و مێژووییە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی دنیاو بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، ئەوە دەخوازێت کە کوردیش دەبێت بە شێوەیەکی رادیکاڵانە گۆڕانکاری لە سیاسەت و شێوەی خەباتیدا بکات، بە تایبەتی ئایدۆلۆگیایی چەپ کە تا دێت لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو دەبێتەوە. کورد پێویستی بە پلاتفۆڕمێکی نەتەوەیی هەیە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە خۆی بگرێت. دەتوانین زۆر بە ڕاشکاوانە بڵێین کە خاڵی سەرەکی سەرنەکەوتنی (DTP)، گەورەکردن و پێداگرتن لەسەر ئایدۆلۆژیا بوو، بەتایبەتی پێداگرتن لەسەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارت و گرووپە چەپ و سۆسیالیستەکانی تورکیا کە هیچ پێگەیەکی جەماوەریان نییە، زەرەرێکی زۆری لە هەڵبژاردن دا، هەر ئەوەش بوو کە کۆمەڵگای کۆنسەرڤەتیڤی کورد زۆربەی دەنگەکانیان بە پارتی (AKP) دا کە لەسەر بنەمایەکی ئیسلامی دامەزراوە و لە دەرەوەی سیستەمی کەمالیزم فرچکی بەستووە و تەواو بە پێچەوانەی پارتە سێکۆلارە نەژادپەرستەکانی تورک هەنگاو دەنێت بەتایبەتی لە نزیکردنەوەی تورکیا لە یەکیەتی ئەورووپا. ڕاستە (AKP) تا ئێستا سیاسەتێکی ڕوون و پرۆژەی چارەسەرکردنی کوردی پێ نییە، بەڵام هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی دەستەڵاتی سووپا لە بەرژەوەندی کورددایە، دەکرێت ژیرانە کەڵکی لێ وەربگیرێت.

پەڕلەمانتارە کوردەکان دەتوانن بەشێوەیەکی دیبلۆماسی لەسەر هەندێک خاڵی هاوبەش کە لە بەرژەوەندی باکووری کوردستاندایە لەگەڵ پەرلەمانتارە کوردەکانی سەر بە(AKP) بکەونە دانووساندن، لەو ڕێگەیەوە دەتوانن کاریگەری لەسەر سیاسەتی (AKP) دابنێن و کەلەبەرێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە بکەنەوە کە هاوکات لەبەرژەوەندی باشووری کوردستانیشدا دەبێت.

تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ)ی ڕۆژی ٨/٦ دا بڵاوکراوەتەوە.